السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەو کەسەی بە سواری دەڕوات سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو کەسەی بە سواری دەڕوات سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات». ولە گێڕانەوەی (البُخَارِي)دا هاتووە: «بچووک سەلام لە گەورە دەکات (لە ڕوانگەی تەمەنەوە)، وپیادە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وکەم سەلام لە زۆر دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ ئەدەبی سەلامکردن لەنێو خەڵکی، ئەوەی بچووکە لە تەمەندا سەلام دەکات لە ئەوەی گەورەیە لە تەمەندا، سواری سەلام لە پیادە دەکات، وئەوەی پیادەیە سەلام لە دانیشتوو دەکات، وژمارەیەکی کەم لە خەڵکی سەلام لە ژمارەی زۆر دەکەن.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4243

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee